# نهێــنی

کابرا هەرجارەی کەدەهات، منی خراپ دەتۆقاند. دوو چاوە پڕ لەخوێنەکەی  سرەوتی لەبەر دەبڕیم. هەردەم سوورسوور وەك دوو گۆمی خوێنم دەبینین. هەمیشە ترسێکی بێئامانیان لەدڵمدا دەبزواند. کە دوایی بەدایکمم دەووت:

– دایە!..ئەو پیاوە چاوی پڕ لەخوێنن و، من لێیان دەترسم!.

ئەو بەدەم بزەیەکی تیکەڵ لەسۆزو گاڵتەوە دەیووت:

– ئۆی کورە تۆش..لە خۆتەوە قسەی هیچوپووچ دەکەیت. بێئەقڵ مەبە!.

ئەو دەمە مـن تەمـەنم، هـەروا حـەوت هەشـت سـاڵان دەبـوو. دایکـم بـەردەوام گوێمـی بـەوە پڕدەکرد، کە دوای نەمانی باوکم، من بوومەتە پیاوی ماڵەکە. بگرە بەڕێوەم ببمە سەری گەورەی خێزانەکەو، فەرمانڕەواییشی لەئەستۆ بگرم. هەرچەند باس لەخێزانەکەمان بوایە، سەری زمانی و بنی زمانی لەمن دەگەڕا. ئەگەر نازی بدامایەتیَ دەیووت: (تۆی سەرداری خێزانەکە). ئەگەر لێشم تووڕەببوایە دەیووت: (بەناخێری گیانت، دەبیتە سەرداری خێزانەکە!). نـەك تـەنیا ئـەو، هەرسیَ خوشکەکەشم، کەهەموو بەتەمـەن سـەروو خـۆم بوون، وەك دایکمیـان دەکردو خۆشخۆش قسـەی ئەویان دەجوووەوە.

منی ئەو سەردارو سەروەری خێزانە، هەر لەیەکەمجارەوە دوژمنی خۆمم ناسی. ئەی چۆن؟!. منێك کـە ئـەوەتا بـەردەوام بـەگوێمدا دەخوێـنریَ، کـە بـەڕێوەم ببمـە پیـاوێکی یەکـەپیاو..ببمـە سـەرێکی گـەورە..ببمە هەڵسـووڕێنەرو فـەرمانڕەوای سـەرجەم کاروبـاری ئـەم خێزانـەو کـەچی، لـەناکاوێکدا کابرایـەکی نەدیوونەناسـیاوم لێپـەیدا دەبـیَ. وەك کەڵـەبابێکی غوبـاب لێـم دێتـە پێشەوە. بەلالووتێکەوە مەرحەبایەکم بەڕوودادەداو، بەکەشوفشێکەوە بـەلامدا ڕادەبووریَ. ئینجا دەچـیَ پـان دەبێتـەوەو بەرامبـەر دایکـم دادەنیشـیَ. دەسـت دەکاتـە قسـەی زلـزل. دایکیشـم خۆشخۆش دەچیَ بەدەستی خۆی، بەسەرێك ئاوو ماستاوی بۆدینیَو، بەسـەرێکیش چای بۆدەم دەکـاو لەپیاڵـەی سەرسـینیدا، دەیـهێنیَو دەیخاتـە بـەردەمی. سـەرباری هــەموو ئەمانــەش، کەلێیدەچمـە پێشـەوەو تێیدەڕوانم، دەبینـم دوو چـاوی سوورسـووری پـڕ لـەخوێنی هـەن!..دوو چاوی وەك دوو گۆمـی خوێنین!. دەی باشـە ئیـتر مـن چـۆن، بـەدوژمنی باوەکوشـتەمی نـەزانم؟.

چۆنی وا تێنەگەم کە ئەوەتا، وەك بەڵایەکی ناگەهانی لابەلا، بۆم نازڵ بووە؟!. کوڵەوەیبابێك‌و پێمەوە بدا؟..ها!..؟!..چۆن؟!.

ئا.. ئەرێ وەڵا..هەرهێندەی ئەو پشتی پێی‌هەڵکردو وەل بوو، من خۆم گەیاندە بندەستی دایکمەوە. خۆ من دایکمم ئەوەندە خۆش دەویست.. ئەوەندە بۆی دڵ پڕ لە رێزو سۆزبووم، کە قەت حەدم نەبوو بێئەدەبیی لەروودا بنوێنم. راستە..من دڵم هێندەی هەمانەیەك لەو کابرایە ئاوسابوو. بەڵام لەسەرەتادا، تەنیا خۆم ئاخنییە تەنیشتی دایکمەوەو پاڵم بەپاڵییەوەدا. ئەویش وەك خەیاڵ‌و بیروهۆشی لەلایەکی‌تربێ، بێئاوڕدانەوە بەلامداو بێئەوەی هیچ بڵێ، باڵی لەملمەوە ئاڵاندو توند بەخۆیەوە نووساندم. من چەندە بەخۆوەنووساندنەکەی ئەو، ئاسوودەیی‌و دڵنیایی پێبەخشیم، هێندەش دیمەنی چاوە خوێنینەکانی کابرا، سرەوتی لەبەر هەڵدەگرتم. خۆم بۆ دابین نەکراو بەشەرمێکەوە، وەك لەبەرخۆمەوە بدوێم وتم:

ـ دایە..ئەو پیاوە چاوی پڕ لەخوێن بوون!..

ئەو دەتووت گوێی لەقسەکەم نەبووە. پتر بەخۆیەوە نووساندم‌و هیچی نەووت. تا کاتێ بەدەنگێکی ئاشکراو روونتر لێم دووبارەکردەوە، ئەوسا دەستی لێبەردام. لەخۆی دوورخستمەوەو بەسەرسوڕمانێکی بێئەندازەوە، کەوتە تێوردبوونەوەم. قەدەرێکی زۆر حەپەساو ئینجا وتی:

ـ چی؟!..وتت چی؟!.

لەوەرامیدا چاکتر دانم بەقسەکانمداناو وتم:

ـ چاوی دایە..چاوی پڕبوون لەخوێن!.

ئەو وەك هێشتا باوەڕ بەگوێی خۆی نەکا، بینایی بەسەرمدا رواو تاسێکی قووڵ بردییەوە. تا وردەوردە بزەیەکی گەش دایگرت‌و وتی:

ـ جا باوابێ..قەیدی چییە؟!..تۆ بۆچی پێی‌تەنگاو دەبیت؟!.

من وتم:

ـ ئاخر لێیان دەترسم!.

ئیتر لەو جارەوە هەرچەند دەهات، من بەدزییەوە هەر سەرنجم دەدایەو لێکم دەدایەوە. لەدڵدا دەمووت: هەبێ‌و نەبێ ئەم کابرایە ، یەکێکی سەربڕیوەو لەو ساتەدا کە چەقۆکەی بەملیدا هێناوە، خوێنەکەی فیچقەی کردۆتە ناو چاوییەوەو تیایاندا پەنگی خواردۆتەوە. تەنانەت جارێکیان ئەم نهێنییەی ناخمم، بۆ دایکم دەربڕی‌و بەئاشکرا وتم:

ـ دایە..دەترسم ئێمەش سەرببڕێ !.

بەڵام دایکم خراپ لێم تووڕەبوو، وتی:

ـ گوایە دڵمان خۆشە جەنابت، دەبیتە سەردارو سەروەری خێزانەکە. کەچی قسەیەکی قۆڕت بەدەمەوە گرتوەو بەردەوام دەیڵێیتەوە. ئیتر بەسە..جارێکی‌تر لێتی ببیستم زمانت دەبڕم!.

دایکم جارجارێك لێم تووڕە دەبوو. بەڵام قەت نەیدەگەیاندە قسەی ڕەق‌و ناشیرین. یا هەڕەشەی توندوتیژی لەبابەتی زمانبڕین. کەچی ئەمجارە گەیاندی‌و زۆرم بەلاوە گران بوو. قوڕگم پڕبوو لەگریان. هێندە پێی‌پەست بووم‌و پیشم خواردەوە، کە خۆم لەئاستیدا پێڕانەگیرا. لەناکاوێکدا وەرچەرخام‌و بەرەودەرەوەی ماڵ فڕکەم کرد. ئەو هەڵاتنەی هەڵاتم، تا کونی ژوورەوەی ماڵی مامم نەوەستامەوە.

ئەوساتەمامم، چووبووە سەر بەرماڵ‌و نوێژی دابەستبوو. ئامۆژنم لەبەر پەنجەرەکەدا، دانیشتبوو درووومانی دەکرد. کە بەفڕکان هەڵمەتم بردە ژوورەوەو چووم بەرامبەر مامم تروشکەم کردو، ئەوان هەریەکە لەجێی خۆیەوە ڕاچەنینێك ڕاچەنی، کە دەتووت لە سەربانێکەوە بەریان دەدەیتە خوارەوە. بەدوایدا مامم بەتیلەی چاو، خێراخێرا تێمی‌دەڕوانی‌و نوێژەکەی نەدەبڕی. ئامۆژنم ڕاپەڕی‌و هات بەلامەوە. لەئامێزی‌گرتم‌و بەسەرسوڕمانێکی لەرادەبەدەرەوە وتی:

ـ عەزیز گیان..بەرخەکەم..چیتە؟!..چی قەوماوە؟!.

ئامۆژنم لەدایکمی کەمتر خۆش نەدەویستم. مامم برا گەورەی باوکم بوو. پێش ئەویش ژنی هێنابوو. دوای باوکم خۆی بەخاوەنمان دەزانی. بەتایبەتیش کە منی کردبووە دەستەگوڵی. کەچی دایکم بواری نەدەدا. لەبەرئەوە لەگەڵ خۆیدا نەبوایە، نەیدەهێشت هاتوچۆیان بکەم. تەنانەت لەگەڵ خۆشیدا، بەیناوبەینێکی دوور دەچووین. من لەوەرامی ئامۆژنمدا، بەقوڕگێکی پڕ لە گریانەوە وتم:

ـ دایکم لێی‌دام!.

دایکم لێی‌نەدابووم. درۆیەك بوو بەناچاری کردم. ئامۆژنم وتی:

ـ ئەیەڕۆ!..لەسەر چی؟!.

ڕقوکینەم بەرامبەر کابرا چاوبەخوێنەکە، هانیدام نەیشارمەوەو وتم:

ـ من وتم دایە دەترسم ئێمەش سەربڕێ. کەچی ئەو لێم تووڕەبوو!.

ئەمجارەیان درۆکەم بۆ نەکراو ڕاستییەکەیم وت. ئیتر قسە تۆقینەرەکەم، ئامۆژنمی لە درۆو ڕاستییەکە خلافاند. سامێکی وەهای لێنیشت وەك ئەوەی بمانبینێ، ئەوەتا سەرمان لەلەشمان جوداکراونەتەوە!. وەك بیەوێ هاوار بەرێتە بەر مامم، ئاوڕێکی بەلایدا دایەوە. لەگەڵیدا بەدەنگێکی پڕ لەترسوسامەوە بەمنی وت:

ـ کێ؟!..کێ سەرتان دەبڕێ؟!.

کاتێ من لەوەرامیدا وتم:

ـ پیاوە چاوسوورە پڕ لەخوێنەکە.

مامم نوێژەکەی تەواو بووبوو.لای‌کردەوە بەلامداو بەهێمنییەکی تێکەڵ لەتەنگەتاوییەکی شاردراوەوە وتی:

ـ وازی لێبێنە عەتێ!..تۆ وازی لێبێنە !.

ئینجا بەمنی وت:

ـ وەرە..وەرە باوکەگەم..وەرە لامەوە بزانم!.

کە چووم بەسۆزیکی باوکانەی باوکانەوە، هەردوو دەستمی خستنە ناو مشتییەوە. بە هێمنییەکەی لەوەبەرییەوە، داوای‌کرد هەقایەتەکەی لەنووکەوە بۆبگێڕمەوە. کە بۆم گێڕایەوە، راماو بۆ ماوەیەك کڕوکاس بوو. دیاربوو کە نازانێ چی بڵێ‌و چۆنم لێبێتە وەرام. دوایی کاتێ کەوتە قسە، سەرمی بەسنگییەوە نووساندو وتی:

ـ ترست نەبێ کوڕە شیرینەکەم..هیچ ترست نەبێ. منتان هەمو لەناو چاوانمدا دەتانپارێزم.

***

ئەو وەختەی هەلاتم و خۆم گەیاندە ماڵی مامم، کات ئێوارەیەکی درەنگ بوو. تا ئێمە لەو کەینوبەین‌و گفتوگۆیە بووینەوە، تاریکی رووی لەداهاتن کرد . ئامۆژنم خوانی لە هەیوان سازاند. تازە لەریزکردنی تەدارەکی خواردنەکە بووبۆوەو لەوەدابووین، دەست بۆخواردن بەرین‌و لەدەرگا درا. من خورپەیەك دای لەدڵم. مامم‌و ئامۆژنم راچەنین‌و ملیان قوت کردەوە،. لەجێی خۆیان وشك بوون‌و نەبزوان. تا کاتێ لەدەرگادرایەوە، مامم بەنابەدڵییەوە بەئامۆژنمی وت:

ـ بچۆ بەدەنگەوە.

کە چوو بەدەنگەوەو دەرگای کردەوە، دایکم بوو بەپرتاو خۆی بەماڵدا کرد. بەدەمیشییەوە بەرەوڕووی من هات. پەلاماری‌دام‌و بەپەرۆشەوە لەباوەشی‌گرتم‌و توندتوند، نووساندمی بەسنگوبەرۆکییەوە. من هێندەهێندەم خۆش دەویست کە لەو ساتەدا، هیچ هەر هیچ کەدەرێکم لەدڵدا نەما. بگرە هەستم بەدڵنیاییەکی بێئەندازە کردو، خۆم لەباوەشیدا متوخامۆش کرد.

من ئیتر چاوم تێوەنەبوو، کێی بەدوادا هاتە ماڵەکەوە. سەرمی وەها ئاخنیبووە سنگومەمکییەوە، هیچم نەدەدی‌و ئاگام لە هیچ جموجووڵێك لەماڵەکەدا نەمابوو. بەڵام بەگوێ بیستم‌و زانیم ئەوەتا، دەنگی کابرای چاو پڕ لەخوێنەو سڵاو لەمامم‌وئامۆژنم دەکا. ئانوسات لەباوەشی دایکمدا راچڵەکیم‌و، ملم بۆ قوت کردەوە. کەچی روانیم وا مامم، باوەشی بەملیدا کردوەو ئەملاوئەولای ماچ دەکا. وا پەیتاپەیتاش دەڵێ:

ـ حەمەعەلی!..ئەوە تۆیت باوکەکەم!..شوکر ئەوە تۆیت؟!. باوەڕ بەچاوی خۆم بکەم، یا خەو دەبینم؟!.

ئینجا ئامۆژنمم بینی، وەك ئازیزیکی زۆر ئازیزی ، بەخێرهاتنی لێدەکاو لەیەکبیناش دەڵێ :

ـ ئۆخەی حەمەعەلی گیان!..ئۆخەی ئەوە تۆیت‌و بەسەلامەتی دەتبینمەوە؟!.

من واقم ورِماو لەباوەشی دایکمدا، هەر ملەقوتێم بوو. ئەوان لەگەرمەی پێشوازیکردنەکەیاندا لەچاوبەخوێنەکە، منیان لەبیرچۆوە. تا مامم لەناکاوێکدا لێم بەئاگاهاتەوە. سەرنجێکی دامیٚ و کەمیٚ راما. ئینجا چاوی لەمن لاداو روانییە کابرا، کە ئەو کاتە بەرامبەری دانیشتبوو. تۆزێکیش لەو راماو تەنانەت وەك بیەویٚ لەچاوەکانی وردببێتەوە، سەریشی هەندێك لێبردە پێشەوە. ئەوسا رووی لەمن کردەوەو بەنەرمە پێکەنینێکەوە وتی:

ــ عەزیز..باوکەکەم..ئەو پیاوەی لێیدەترسایت خاڵتە!. برای ئەو دایکەتە کە لە باوەشیدایت!.

بەدوای قسەکەی مامدا، دایکم لەلای خۆیەوە، توندتر بەخۆیەوە نووساندم. سەریشی بۆبنگوێم شۆڕکردەوەو بەدەنگی نزم وتی:

ـ بەڵام لای کەس نەیدرکێنیت!!.

**سلێمانی/** 1989/9/29